# مۆسیقای ناوەوە لە( گەشت بۆ هەورامان )ی ( گۆران ) دا

**بەختیار ئەحمەد مەحموود**
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**
**پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر**

## پێشەکی

مۆسیقای شیعری جوانییەکی ڕازاوە و پڕماناترین چێژ بەدەق دەبەخشێ. مۆسیقای ناوەوە هەژانی ناخی شاعیرە و بەرێگای زمان دەدرکێندرێ، لەگەڵ کێش و سەروادا یەکانگیردەبن و جوانترین ئاهەنگ و ترپە و ئاواز بە شیعر دەبەخشن.

مۆسیقای شیعری پشت بە زمان و وشە و دەستەواژەی تازەی پڕ مۆسیقی و ئاوازدار دەبەستێت بەمەرجێ ڕیزکردنی دەستەواژەکان هاوڕێك بن و بەکارامەیی و شارەزاییەوە دابنرێن. مۆسیقای ناوەوە هێزێکی ئیحا و نیگا و توانای ڕێکخستنی یەکە هاوکاتییە دەنگییەکانە، ئەمەش وەك سیفەت و مەرجی بیناکردن و بنەمای زمانی شیعر سەیردەکرێت.

هەستی شاعیر و باری دەروونڕوونی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای ناوەوەی شیعر هەیە و بە تایبەتی لەسەر ترپە و ئاوازی شیعر. باڵادەستی شاعیر و بەهرەمەندی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بتوانێ بە دروستی ترپە و مۆسیقاکەی لەگەڵ واتاکەیدا بە شێوەیەکی ئەندازەیی بهۆنێتەوە. شیعر بێ مۆسیقا ئێستێتیکای نامێنێت و سیفەتی بەهارمۆنبوون لە ناو دەچێت، شیعر و ئاوازی ناوەوە ئەوەندە پەیوەندییەکی تێکچڕژان و چوونیەکیان هەیە، کە هەرگیز ناتوانرێ ئەو پەیوەندییە لێکتر جودابکرێنەوە.

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مۆسیقای ناوەوە لە چامەی (گەشت بۆ هەورامان) ی (گۆران) دا، کە تیایدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر هەموو ئەو هونەرانەی، کە مۆسیقای ناوەوەی شیعر پێکدێنن،(گۆران) ی شاعیریش بە جوانترین شێوە لەم گەشت نامەیەیدا هۆنیویەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ڕۆڵی ڕابەریکردنی گۆران لە تازەگەری شیعری کوردی و ڕچەشکێنی شیعر و داهێنان و زمانە پاراوەکەی نەکراوە، چونکە پێگەی (گۆران) لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە، پێویست بە باس و پێناس ناکا.

ئەم ڕێبازەی لەم توێژینەوەیە پەیڕەوکراوە، ڕێبازی (وەسفی پراکتیکی) یە، ئەمەش لەپێناو بەدەرخستنی لایەنە جوانەکانی و دەستنیشانکردنی تایبەتییەکانی شیعرەکە.

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا توێژینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ و ئەکادیمی لەسەر گەشتنامەکەی گۆراندا ئەنجام نەدراوە، بۆیە هەوڵدراوە لایەنە جوانەکانی مۆسیقای ناوەوە بە پراکتیکی شرۆڤە بکرێن.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم/** تەوەری یەکەم: بەراییەك لەسەر مۆسیقای ناوەوە. تەوەری دووەم: مۆسیقای شیعری. تەوەری سێیەم: گەشت بۆ هەورامان چییە؟

**بەشی دووەم /** تەوەری یەکەم: ئەو هونەرانەی کە مۆسیقای ناوەوە دروست دەکەن:

١- **ڕەگەزدۆزی:** أ- ڕەگەزدۆزی ناتەواو ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد ج- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێش.٢- **پاتکردنەوە:** أ-پاتکردنەوەی ناو.ب- پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان. ج-پاتکردنەوەی فرمان. د-پاتکردنەوەی ئاوەڵناو.٣- **گێڕانەوە:** أ- گێڕانەوەی ئاوەڵفرمانی نادیار. ب- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ).ج- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بە). د- گێڕانەوەی ئامرازی پرسی(چ). هـ- گێڕانەوەی ئاوەڵناوی (چەندی).٤- **هێنانەوە**، جۆرەکانی هێنانەوە: وشەی یەکەم لەسەرەتای نیوە دێڕی یەکەم. وشەی یەکەم لەسەرەتای نیوە دێڕی دووەم.ج- وشەی یەکەم لەناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم. د- وشەی یەکەم لەکۆتایی نیوە دێڕی یەکەم. لەکۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: بەراییەك لەسەر مۆسیقای ناوەوە و چەند پێناسەیەکی گرینگ:

شیعر کرۆك و ناوەندی واقیع و ژیانە. هەرچەندە ئەم ناوەندە، لە چەقی جیهانێکی سەربەخۆی پڕ لە ڕایەڵی زماندایە، بەڵام پێوەندییەکی دیالێکتیکی بەهێز هەیە لەگەڵ سروشت و یەکەکانی سروشتدا و گوزارشت لە واقیعیان دەکات. هەر گۆڕانێك لە واقیع و بوون و سروشدا ڕوودەدات، هەڵبەت شیعر لێی دانابڕێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هاوڕێك دەبێت. شیعر لە بەرزایی ئاسمانەوە دانابەزێتە قوڵایی ژیان، بگرە لە قوڵایی ژیانەوە مانایەکی شیعری پەیدا دەکات و بەرز دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێتە پێویستییەك لە پێویستییە گیانییەکانی مرۆڤایەتی و ئەفراندنەکانی نووسین و جوانبەخشی.

شیعری پەیامدار بە جوانی و لە ناخدا پێگەییوو هەموو شتەکان بەیەك جار لەبەرچاو دەگرێ و لەناو مۆسیقا و ترپە و ئاوازدا، تریوسکایی چاو و زایەڵەی دەروونڕوونی شاعیر دەبیسترێت.

سەبارەت بە مۆسیقاو ڕیتمی ناوەوە لە شیعردا د.ئەحمەد مطلوب دەڵێ "ڕیتم زمانی ڕوودانی دەنگی دەسکە جۆنی ئاونەکانە و ڕیتمی ئاواز و گۆڕانییە و ئاوازی مۆسیقای لەنێوانیاندا دروست دەکا "(مطلوب:١٩٨٩: ٢٥٧). کێش و ڕیتم پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوانیاندا هەیە و بەهەردووکیان وێنەیەك بەرجەستە دەکەن کە لە گۆکردنی شیعردا بەرزترین سیحر و ئاوازە دێنێتە ئاراوە.

مۆسیقای ناوەوەی شیعر ئەو پەیوەندییەیە،کە لە نێوان دال و (Signifiant) مەدلولدایە (Signifie)، واتە پەیوەندی نێوان وشە و واتا کەئەمەش خۆی لە مۆسیقای ناوەوە ئەنوێنێ (مەحموود:٢٠١٤: ٤٧). جوانناسی ئاوازی ناوەوەی شیعر وێناکردنی دەروونی هۆزانڤانە و ئاوێنە و ڕەنگدانەوەیەتی. مۆسیقای شیعری پشت بە زمان و وشە و دەستەواژەی تازەدەبەستێ، بۆیە هەر شیعرێك ئەگەر لەڕووی مەبەست و بیرەوە بەهێزیش بێ، ئەگەر بەشێوەیەکی کێشدار دانەڕژابێت و مۆسیقا و ئاوازەی نەبێت شیعرە نابێتە پارچەیەك لە داهێنان و وەرگریش چێژی لێوەرناگرێت "ئاوازی ناوەوە ژان و هەژانی ناخی شاعیرە و بە ڕێگای زمان و شێوازی شیعری،

بەتایبەتی(هاوئاهەنگی و وەکیەکی و دژیەکی) کەلە ئاستەکانی دەنگ و وشە و پێکهاتە و ڕستە و دەستەواژەکاندا خۆی دەنوێنێ"(دەشتی:٢٠١٢: ٧٨) .

پێکهاتەی بونیاتی قەسیدەی هاوچەرخ مۆسیقایە، ئەمەش لە دوو ڕەگەزی گرینگی ڕیتم و کێش پێکدێت.مۆسیقای شیعری بە پێزترین بەها دەبەخشێتە شیعر، شیعر دەگەیێنێتە ئاستێك کە چەشەیەکی لەڕادەبەدەر بە وەرگر دەبەخشێ. هەروەك د.ئیبراهیم ئەنیس گوتوویەتی:"مۆسیقای شیعر بەرزترین و ورترین مۆسیقای ئاخاوتنە، چونکە خاوەنی سیستەمێکە لێ لادانی بۆنییە"(أنیس:١٩٧٨: ١٦) .

شاعیری کارامە ئەتوانێ جوانترین هونەری شیعری، واتە ترپە و ڕیتمی شیعری بهۆنێتەوە لە ڕێگەی ڕاهێنان و کارکردنی بەردەوام لەسەر ئەو کەرەستە و بڕگە و وشە و هونەرانەی ،کەئاواز و مۆسیقا و ترپە دێننە ئاراوە. عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: "کێش و ترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست بەیەکەوە پێوەندیدارن و بوونیان پێکەوە پێویستە نەبوونی هەریەکێکیان کەموکوڕییەك بەلەشی واتایی و شێوە و ڕوخساری هەڵبەست دێ"(بیمار:١٩٩٢: ١٠).

هەر شیعرێك، ئەگەر بە شارەزایی و کارامەیی داهێنرابێ، شاعیر پێوانەی مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی پەیوەست کردبێت و بەیەك نەسەق و هاوڕێك هەژماری بۆ کردبێت، تێبینی دەکرێت داهێنان لەشیعرەکەدا بەجوانترین شێوە بەرجەستە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە."شاعیری کارامە دەتوانێ ڕیتمی ناوەوە بخاتە سەر مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوە"(عید:١٩٧٥: ١٧)هەر سەبارەت بەم پەیوەندییە توند و تۆڵەی نێوان مۆسیقا و ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی شیعر کە خۆی لە کێش و ڕیتمی ناوەوە دەبینێتەوە. د.عەزیز گەردی گوتوویەتی:"کێش و ڕیتم لە شیعردا تەواوکەری یەکترن بە هەردووکیان ئەو زەنگ و ئاوازە تایبەتە بە شیعر دەدەن کە تەوژمێکی دەربڕین و کارتێکردنی پێدەدەن" (گەردی:١٩٩٩: ٧٣) .

مۆسیقای ناوەوەی شیعر ڕێکخستنی یەکە هاوکاتەکانی دەنگییە، ئەمەش وەکو سیفەت و مەرجی بەهای بیناکردن و بنەمای زمانی شیعر سەیردەکرێت، ترپە و ڕیتمی ناوەوەی شیعر بریتییە"لەکاتی چوونیەکدا گەڕانەوەی دیاردەیەکی دەنگییە، ئەگەر سێ کەڕەت لەشتێك درا و لەکەڕەتی چوارەمدا لێدانەکە بەهێزتر بوو، بە دووبارەکردنەوەی ئەم کارە ڕیتم درووست دەبێت" (مندور:١٩٤٤: ١٨٠). هەر لەو سۆنگەیەوە مۆسیقای ناوەوە بونیادی شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردین، هەر چەند وەستاکاری لەم هونەرانە بکرێت ئەوەندە بەهاو جوانی لە شیعردا دێنێتە ئاراوە.

**تەوەری دووەم/ مۆسیقای شیعری:**

شیعر ئەو بوونەوەرە زیندووەیە کە هەمیشە لەتەکان و بەرەو پێشچووندایە و ڕۆحەکەشی خۆی لە مۆسیقادا دەبینێتەوە. بەرهەمەکانی شیعری نوێ و هاوچەرخ، بەها و نرخ بۆ تازەگەری و گۆڕان و داهێنان بۆ هەوڵە هونەرییەکان دادەنێن.

بناغەی مۆسیقای شیعری نوێ، بریتییە لە بونیاتی ڕیتمی تایبەت و بە حاڵەتی هەست و شعوری شاعیر دەبەستێتەوە، هەڵبەت ئەم حاڵەتەش لە فۆڕمی وێنەیەکی وورووژاو ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو ئەم مۆسیقایە لەوێنەیێکی تەواو گونجاو بەحاڵەتی هەست و شعوری تایبەت دەنگدەداتەوە و دەبێتە ناوەندێکیش بۆ ئەوەی لە قاڵبی هەست و شعوری خۆیدا بیگونجێنێت و بێ ئاریشە لەگەڵیدا بەردەوام بێت.

کێش و سەروا دووبنەمای سەرەکیی شیعرن، هەر ئەم دوو بنەمایەش بناغەی جوانسازی(Aesthetic) تازەیی شیعری نوێ و هاوچەرخن. بەڵام لە قەسیدەی هاوچەرخدا سنووری تەسکی پێڕەو گەلی وەلاوەنراوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی و ناخی لەم دوو ڕەگەزە کراوە، بەو مەبەستەی لە بونیاتدا وێنەیێکی تازە بەدەست بێنێت. بەبێ کێش و سەروا ئێستێتیکای شیعر نامێنێت سیفەتی بەهارمۆنبوون لەناو دەچێت. بوونی هەردووکیان لە قەسیدەی هاوچەرخدا، ناوەندێکی شیعری دوور لە ئاخاوتنی ئاسایی یان ڕێکخراو پێکدێن. (مەحموود: ٢٠٠٩: ٨٤-٨٥) بوونی ئەم دوو بنەمایە دیاردەیێکی هەستی بێ گومانە، هەروەك د.عزەدین ئیسماعیل دەڵێ: "شیعر بەر لەوەی ڕێبازێکی ئێستێتیکا بێت، ڕوودراوە. بۆیە دەبێت وەك پێویست کێش و سەروا هەبێت" (اسماعیل:١٩٨٨: ٦٥)

بەم پێوەرە بۆمان دەردەکەوێت، کە کێشی شیعر و مۆسیقای شیعر لەیەکتر جودا ناکرێتەوە و هەمان باس هەڵدەگرن، ناوەندی کێش، لەڕایەڵەکانی مۆسیقا و ڕیتم پێکدێت. د.عەبدولعەزیز دەڵێ: "ئەگەر هەستمان کرد و بۆمان دەرکەوت، کە کێش، زانستی مۆسیقای شیعرە، پەیوەندییەکیش بەیەکیان دەگەیەنێت، لە دەرەتانی دەنگ و فۆنەتیکدا خۆی دەنوێنێت" (عتیق:١٩٧٤: ١٢) .

مۆسیقای شیعری جەستەیەکی پڕ لە هەڵوەستەی ئارام بەخشە لە ناخی مرۆڤدا، ڕاستەوخۆش پێوەندی بە بنەماکانی دەروونی و فسیۆلۆجییەوە هەیە. مۆسیقای شیعری ناوەندێکی مۆسیقای شیاوی پڕ لە هەستە، هەموو جووڵە و شەپۆلەکانی بە تەرازووی پێوان هاوسەنگ دەکرێن، پڕاوپڕن لە گونجان و ڕێکی، سەرەڕای ئەمانەش، تێکڕای لڤینەکان ڕایەڵەکانی ئاواز ڕێکیان دەخات، لەگەڵ هەستی شاعیر هاوسەنگ دەبن.

**تەوەری سێیەم: گەشت بۆ هەورامان چییە؟**

گەشتنامەکەی گۆرانی شاعیر(*)، چامەیەکی دوور و درێژی شیعرییە، کە لە(٦١) دێڕە شیعر پێکهاتووە، سەردەمی هۆنینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی بیست ساڵێك بەر لەو گەشتەییدا، هەڵبەت ئەم چامەیە دەرئەنجامی تاقە گەشتێك نییە، بەڵکو دەرکەوتەی چەند گەشتێکی کات و وەرزی جیاجیای ڕابردوویەتی، کە لەبیرەوەرییکانی شاعیردا پەنگیان خواردبۆوە.

---

(*): ناوی عەبدوڵڵا کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگە، لەساڵی ١٩٠٤ لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە.

- بە هۆی چەندین تەنگ و چەڵەمەی ڕۆژگارەوە نەیتوانیووە خوێندن تەواو بکات، لە ساڵی ١٩٢٥ بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە هەڵەبجە .

- لەسەردەمی پاشایەتیدا بەدرندانەترین شێوە تووشی گرتن و ئەشکەنجەدان دەبێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانی کراوە.

- لە ساڵی پەنجایەکانەوە دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، لەساڵی ١٩٥٣ دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین، لە ساڵی ١٩٥٩ سەرپەرشتی گۆڤاری (شەفەق) دەکات.

- لە ناوەڕاستی ساڵی(١٩٦٠) دەبێتە وانەبێژ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

- یەکێکە لە ڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و گۆڕانکارییەکی گەورەی بەرامبەر ڕێبازی کلاسیك بەرپا کردو ڕچەی کێش و سەروا کۆنەکانی گۆڕی و پەیڕەوی کێشی پەنجەی خۆماڵی کرد.

- سەرجەم بەرهەمەکانی لە (دیوانی گۆران) دا لە ساڵی (١٩٨٠) لەلایەن محەمەدی مەلا کەریمەوە ئامادەکراوە و پێشەکی بۆ نووسراوە و بە چاپ گەیێنراوە.

- لە ساڵی ١٩٦٢ دا لەئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندە ماڵئاوایی لە دونیا دەکات و لە گردی سەیوان ئەسپاردە دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

دیوانی گۆران ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یەکەم، ١٩٨٠، بەغدا.

تـا لـەدواییـن جـار گەشـتیك لـە هەڵبجـەوە دەسـت پێـدەكا (بڕوانـە سەرچـاوەی پێشـوو،ل:١٢٧)، لەگـەڵ چـەند هاوڕێیەكی گیانی بە گیانی بۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێـك بـە ئـارامی و ئاسوودەیی و بـە دڵێكـی شادەوە، بـەناو ئـەو سروشتە دڵڕەنگینە سیحراوییەی كە خودای بەخشندە بـەم دڤـەرەی بەخشیوە و پڕاوپڕیشـە لـە شـاخ و بـاغ و چەم و ڕووبار و كانیاوی پڕ ئاوی شیرین و سازگار تیایدا سووڕاینەوە، هەموو ئـەو دیمـەن و وێنانـەمان بەپـەیڤی شیعری لـە قـالبێكی ڕۆمانسیانەدا بەشێوەیەك دەخاتـەڕوو، كـە چەشـەیەكی ئەوەنـدە بـە خوێنـەر دەبەخشێ كـە هەرگیز لە خوێندنەوەیدا تێر نابێت ، ئەندێشەیەكی بە بەرزی دەفڕێنێ و هـەروەك فیلمێكـی سـینەمایی هـەموو ئەو دیمەنە دڵگیرو ڕازاوانە یەك لە دوای یەك دێنێتە پێش دیدەو بەڕوونی نیشان دەدات.
بە شێوەیەك كە هەرگیز لە خوێندنەوە تێڕاماندا هۆشیشت مەست دەكات. ئـەم گەشـتنامەیە لـە ژێـر كاریگـەری ڕێبـازی ڕومانسـییانەدا نەنووسـراوە، بـەڵكو ئـەم چـامەیە لـە بنەڕەتـدا لـە گەشـتێكی سروشـتی و واقیعـی و مرۆڤدۆستانەدا ئەنجامدراوە.

گۆران بە هـەق لـەم گەشـتەیدا هەرچی بینیـووە زۆر بـە توانـایی و داهێنەرانـە پەسـنی فیزیكـی هـەموو ئـەو دیمـەن و سروشـتە ڕەنگینـە وەك فیلمێكـی سـینەمایی و ڕۆمانسـییانە دەخاتـەڕوو، بـە شـێوەیەك كـە هـەژماری مۆسیقاو ئیقاعێكی بـەرزی لـە بەرچاو گرتـووە، وێـڕای دیمەنـەكانی تێكـەڵ بەیـەكتری نـەكردووە و بـەپۆلینێكی جـوان ئـەم چامەیەی داڕشـتووە، بـەجۆرێك دیمـەنی شـاخ و چـیاو ڕێگاوبـان بـە جیـا هۆنیوەتـەوە، دیمەنـەكانی ناوچەم و باغ و ڕەزەكان بەتەنیا، دیمەنی ناو دێ و ژیان و گوزەرانی جیاكردۆتەوە، چجای پەسـنی كـاتی بـەیانی و شـوێنگەی مزگـەوت و كـانیی ژنـان و شـێوازی گـۆرانی و بەسـتە گـوتنیش بـە جیـا. هـەموو ئـەم وێنانـە بـە لەبەرچاوگرنی مۆسیقاو ئاوازێكی سۆزداو كە پڕاو پڕە لە ترپەو ئەو هونەرانەی كـە جوانكاری مۆسـیقای نـاوەوەی شیعر پێكدێنێنن هۆنیوەتەوە.

## بەشی دووەم

### تەوەرەی یەكەم: ئەو هونەرانەی كە مۆسیقای ناوەوە دروست دەكەن:

#### یەكەم/ ڕەگەزدۆزی:

ڕەگەزدۆزی شێوازێكە لە شێوازەكانی جوانكاری وشەیی و هونەری ڕەوانبێـژی، ئـەم هونـەرە لەلایـەنی ئـاواز و مۆسیقای وشە دەكۆڵێتەوە. "ڕەگەزدۆزی كـە (جنـاس) ی پێـدەگوترێت لـە عەرەبیـدا، بۆیـەش كوردییەكـە وای بـۆ داناوە چونكە(ڕەگەز) بەمـەعنا ئەسڵ و نـەژادە. (دۆزی) لـە دۆزینـەوە وە هـاتووە. وای لێـی دێتـەوە كـە پێكـەوە گونجاندن و دۆستایەتی ڕەگەزی دوو وشە پێكەوە ئەدۆزیتەوە و پەیدای ئەكەی" (سجادی:١٩٧٨: ١٣٦) .

سـەبارەت بەپێناسـی هونـەری ڕەگـەزدۆزی د.عـەزیز گوتوویـەتی: "چـۆن ڕەگـەزەكانی بەرهـەمی ئـەدەبی پەیوەندی ئاواز و مۆسیقایان دەكەوێتە نێوان و چۆن بـەم ئـاوازە نـاوەكی و دەرەكییـەو چنینـی ڕسـتەو دێڕەكان، سفتو تۆكمە دەبێ، ئـەم بەشـە زیـاتر خـۆی بـە دووبـارە بوونـەوەی دەنـگ خـەریك دەكات، كـە ئـاوازی نـاوەوە و ڕەگـەزدۆزی و سـەروا دەگرێتـەوە" (گـەردی:٢٠٠٢: ٧٦تـاكو٧٧). د.ئیـدریس سـەبارەت بـە پێناسـی ئـەم هونـەرە جوانكارییە گوتوویـەتی: ((بریتییەلـە بـوونی دوو وشـە، كەلـە دەربڕینـدا بەشێوەیەكی تـەواو ، یـانیش بەكـەمتر لـەوە ، لێكچـوونێك لەنێوانیانـدا هـەبێت، بـەڵام لـە واتـادا هەریەكـەو واتـای سـەربەخۆی خۆیـان هـەبێت)) (مستەفا:٢٠١١: ٢٢٤). ڕەگەزدۆزی دوو جۆری هەیە بریتییە لە ڕەگەزدۆزی تەواو ڕەگەزدۆزی ناتەواو .

**ڕەگەزدۆزی تەواو/ ( الجناس التام):** بریتییە لە چەند وشەی وەکو یەك کە مانایان جیاواز بێت.

**ڕەگەزدۆزی ناتەواو/ ( الجناس الناقص):** بریتییە لەوەی کە وشەکان لە ڕوویێك لەڕووەکان ڕێك بکەون و مانایان جیاواز بێت. (مطلوب و البصیر:١٩٨٢: ٥١). سەبارەت بە پێناسینی ئەم ڕەگەزە د.ئیدریس دەڵێ: "بریتییە لەو ڕەگەزدۆزییەی کە دوو وشەکانی لە ڕواڵەتدا تەواو وەکو یەکنین، واتە وشەکانی لە ڕووی ژمارەی پیتەکانیان، یان شێوەی پیتەکانیان، یان جۆری پیتەکانیان ، یان ڕیزبوونی پیتەکان تەواو وەکو یەك نین و جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە، جا دەشێت جیاوازییەکە کەم بێت و دەشێت جیاوازییەکە زۆر بێت ، لەڕووی واتاشەوە دەبێت هەریەکەو واتای سەربەخۆی خۆی هەبێت"(مستەفا:٢٠١١: ١٨-٣٠). وا لە خوارەوە ڕەنگدانەوەی ئەم هونەرە لەم گەشتنامەیەی گۆراندا بەشێوەیەکی پراکتیکی دەخەینەڕوو.

**ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:** بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەو شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەك بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لەیەکتری جیاواز بن، بۆنموونە

**کە گەیشتە بەر دەرگای گەورە**

**هەر خزمەتکارەو لێت ئەدا دەورە** (ل:١٢٩)

وشەکانی (گەورە) و (دەورە) پێنج پیتن و چوار پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لەیەك جیانە، ئەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لە جۆری (جودا) ی بەرهەم هێناوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆتاییەکی مۆسیقی و ئاوازێکی ناسکی بە دێڕەکە بەخشیووە.

**بازی ڕۆحی چەش بەشیعرو ئەدەب**

**بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب** (ل:١٣٠)

لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (ئەدەب)و لە نیوە دێڕی دووەم وشەی (عەرەب)، هەردووکیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لە یەك جیانە، هەمدیسان هونەری ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری(هاوکێش) ی بەرهەم هێناوە.

**دەستەی خزمەتکار فیشەکدان لە مل**

**بە چەفتە و مشکی سەرو تەپلە زل** (ل:١٣٠)

وشەکانی (مل) و(زل) لە پیتەکانی(ل) و(ز)ی سەرەتاییدا، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ڕیزبوونی پیتەکان وەکو یەك، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست بووە.

**ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:** بریتییە لەو ڕەگەزدۆزییەی، کە دوو وشەکانی، لە جۆر و شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیان یەك بن، یەکێکیان پیتێك یان دووپیتی لەوی تر زیاتر بێت. بۆ نموونە:

**نیو نیگای خەندەی ئەستێرەی ئەمەل**

**نەغمەی گفتوگۆی وەك جریوەی مەل!** (ل:١٣٠)

وشەی (ئەمەل) بە پیتی یەکەم و دووەمی کە(ە) یە، لەوشەی (مەل) زیادە... ئەگینا جۆر و ژمارە و ڕیزبوون و شێوەی پیتەکانی تریان وەك یەکە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو(زیاد) دروست بووە.

ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:

**قیافەت پەڕپووت وەکو کتێبی کۆن**

**زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن** (ل:١٣٠)

وشەکانی (کۆن) و (مۆن) لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودان، چونکە پیتی یەکەمیان جیاوازە.
لە نموونەیەکی دیکەدا سەبارەت بە ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری جودادا گۆران دەڵێ:

**مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو**
**زەردە لەترسی قاسپە قاسپی کەو!** (ل:١٣١)

وشەکانی (شەو) و (کەو)، ڕەگەزدۆزی ناتەواون لە جۆری جودان.

**٢- پاتکردنەوە:**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری، لە زمانی عەرەبیدا(التکرار) ی پێدەوترێ. گەردی دەڵێ: "بریتییە لەوەی نووسەر وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك بێنێ، بۆ مەبەستێکی تایبەت چەند جارێك پاتی بکاتەوە، بەو مەرجەی واتایان یەك بێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی دی واتایان نەگۆڕێت.. بە واتا نابێت وشەکان نە لەڕواڵەت و نە لە گوزارەشدا هیچ گۆڕانێکیان بەسەر دابێت" (گەردی:١٩٧٥: ٤٧) . سەبارەت بەم هونەرە ئەبی بەکر بن عەلی گوتوویەتی: "پاتکردنەوە ئەوەیە ئاخێوەر وشەیەك بەهەمان دەربڕین و واتا پاتبکاتەوە" (المعروف:٢٠٠٥: ٤٤٩). بۆیە پەنا بۆ ئەم هونەرە دەبردرێت، چونکە واتا هەندێ جار لە وشە فراوانتر و کاریگەرترە. هەروەکوو د.حامید دەڵێ: " لەبەر ئەوەی واتا بە گشتی لە وشەکان فراوانترە، بۆیە پێویستی وەهای خواستووە، پاتکردنەوە ئەنجام بدرێت، بۆ پڕکردنەوەی واتاکان"(*) (حسین:٢٠٠٧م: ١٨٨).

بەکورتی لەکۆی ئەم پێناسانەی کە خرانە ڕوو هونەری جوانکاری پاتکردنەوە بریتییە لە جەختکردنەوە و بەدوای یەکداهێنانەوەی وشەیێك زیاتر لە جارێك، بەمەرجێ ئەو وشانە هاوشێوەبن و هەمان واتا بگەیێنن، یاخود ئەشێ شێوەیان جیابێت ، بەڵام بەمەرجێ هاوواتای یەکتر بن (مستەفا:٢٠١١: ٢٤٥تاکو ٢٤٧).

**جۆرەکانی پاتکردنەوە:**

کاتێك شاعیر چەند وشەو دەستەواژەیەك پاتدەکاتەوە هەڵبەت بۆ چەند مەبەستێك و ئامانجێك، بەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە دەکرێ جۆرەکانی پاتکردنەوە پۆلین بکرێ:

ا- پاتکردنەوە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە.
ب- پاتکردنەوە بەمەبەستی پێداگری و جەختکردنەوە.
ج- پاتکردنەوە بەمەبەستی ڕێککردنی سەروای هۆنراوە.

پاتکردنەوە لەڕووی ڕێزمانییەوە دەبێتە: پاتکردنەوەی ناو، پاتکردنەوەی ڕستە، پاتکردنەوەی ئاوەڵناو ، پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان، پاتکردنەوەی ڕاناو..تاد.. بۆ نموونە:

**ا- پاتکردنەوەی ناو:**

**ناو ڕێگا تەق تەق ، لاڕێ بەردی زل**
**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل** (ل:١٢٨)

* ئەم سەرچاوەیەم لە کتێبی (لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی، بە نموونەی حاجی و حەمدی) د.ئیدریس عەبدوڵلا وەرگرتووە.

(تەق ) کە لەنیوە دێڕی یەکەم دووجار پاتکراوە، (ناو)ە، بەمەش ئاوازێکی جوانی بە دێڕەکەو مەبەستەکە بەخشیووە.

**تەسکینی ڕێگای باخەو باخی وێڵ**

**(مانوونەبی) یە: لەم کێڵ، بۆ ئەو کێڵ** (ل:١٢٨)

وشەی (کێڵ ) لە نیوە دێڕی دووەم هەمدیسان دووجار پاتکراوەتەوە (ناو)ە.

**ب- پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان:**

**ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول**

**سەرەڕێ ئەگرن، سەر گەرم و عەجوول** (ل:١٣٣)

وشەی (پۆل) لە نیوە دێڕی یەکەم وەکو ئاوەڵفرمانی چۆنی، کە پەسنی (لاوان) دەکات دووجار پاتکراوەتەوە ، بەوەش ئاوازێکی جوانی بە دێڕەکە بەخشیووە.

**جار جار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز**

**سەرسنگ ماچ ئەکا ڕیشی بەوەنەوز!** (ل: ١٣٢)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (جار) وەکو ئاوەڵفرمانێکی چۆنی ، کە وەسفی ئیمام دەکا، دووجار پاتکراوەتەوە.

**ئەستێرەی مەغریب وەك قەترەی ئەمەل**

**کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل!** (ل:١٣١)

لە نیوە دێڕی دووەم وشەی (کز) وەکو ئاوەڵفرمانی چۆنی وەسفی فرمان دەکا، دووجار پاتکراوەتەوە.

**ج- پاتکردنەوەی فرمان:**

**ئەڕۆی ، هەر ئەڕۆی... تەلآنەو تەلآن**

**ئەمجا ئەگەیتە پێی بەرمالآن** (ل: ١٢٩)

وشەی (ئەڕۆی) لە نیوە دێڕی یەکەم کە(فرمان)ە دووجار پاتکراوەتەوە ، بەمەش پاتکردنەوەی فرمان دروست بووە.

**د-پاتکردنەوەی ناوی لێکدراو:**

**سیاچەمانە..سیاچەمانە..**

**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!** (ل: ١٣٤)

وشەی (سیاچەمانە) لە نیوە دێڕی یەکەم دووجار پاتکراوەتەوە، ناوێکی لێکدراوە بۆ جوانی چاو ڕەشی کچان پاتکراوەتەوە ، بەم پاتکردنەوەیەش پەسنێکی کۆمەلآیەتی و ڕووخساری کیژو کاڵی دەڤەری هەورامان دەهۆنێتەوە .

**سیاچەمانە..سیاچەمانە..**

**هەورامان جێگای سیاچەمانە** (ل:١٣٤)

وشەی (سیاچەمانە) کە لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم دا هاتووە دووجار پاتکراوەتەوە، ناوێکی لێکدراوە بۆ جوانی چاو ڕەشانی کچانی هەورامان، لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم سێیەمین جار پاتکراوەتەوە، بەمەش سێ

پاتکردنەوە لە سنووری دێڕێکدا بەکارهاتووە هەمدیسان بەمەبەستی جەختکردنەوە و دەرخستنی ڕووخساری کیژۆکاڵی جوانی دەڤەری هەورامان ، بەشێوەی وێناکردن و چوواندنی بەبەهەشتی ئیشق و خۆشەویستی .

**٣- گێڕانەوە: (الترديد)**

گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری لە زمانی عەرەبیدا (الترديد) ی پێدەگوترێت، د.ئەنعام گووتویەتی: ((گێڕانەوە بریتییە لە هەڵواسینی وشەیەك لەلایەن شاعیرەوە لە دێڕێکدا بە واتایێکی دیکەی دەبەستێتەوە)). (عکاوی:١٩٩٦: ٣٠٣) هەر سەبارەت بەم هونەرە د.گەردی لە کورد یەکەم کەسە کە پێناسی گێڕانەوەی بەم شێوەیە کردووە و کە گوتوویەتی: ((گێڕانەوە ئەوەیە کە وشەیەك ، یان ڕستەیەك، یان دەستەواژەیەك بێنێ، کە بە مانایێکی تایبەتەوە بەسترابێتەوە، پاشان دووبارە هەمان وشە، ڕستە، یا دەستەواژە بێنیتەوە، بەلام ئەمجارە پەیوەندی بەشتی ترەوە هەبێ)) (گەردی:١٩٧٥: ٤٢) بە کورتی: گێڕانەوە بریتییە لە گێڕانەوەی یەکجار، یان زیاتری وشە، یان، دەستەواژە و ڕستەیێك، بە سنووری دێڕێکدا، بەمەرجێ هەر جارەی لە پاڵ واتایێکی جیا لەوەی پێشووی گێڕدرابێتەوە (مستەفا:٢٠١١: ٢٤٧ تاکو ٢٥٢).

گێڕانەوە چەند جۆرێکی هەیە، ئەو جۆرانەی کە گۆران لەم چامە شیعرییەدا بەکاری هێناون دەستنیشان دەکرێن: بۆ نموونە

**١- گێڕانەوەی ئاوەڵفرمانی نادیار:**

**خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم:**

**هەندێ قنج و قیت ، هەندێ لارو کۆم.. (ل:١٢٩)**

(هەندێ ) ئاوەڵفرمانی نادیاری چەندییە، لە نیوە دێڕی دووەم دووجار لە پاڵ وشەکانی (قنج) و(لار) گێڕدراوەتەوە.

**٢- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لەگەڵ ئامرازی (چ):**

**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان**

**چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەردانان (ل:١٣٠)**

ئامرازی پرسی(چ) دووجار لە نیوە دێڕی دووەمدا لەپاڵ ئامرازی پەیوەندی (بۆ) گێڕدراوەتەوە، ئامرازی پەیوەندی (بۆ) کە لەپاڵ وشەکانی (سەربڕین) و (سەردانان) دا هاتووە دووجار گێڕدراوەتەوە .

**٣- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (لە):**

**لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ**

**لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ (ل:١٣١)**

(لە) ئامرازی پەیوەندییە، دووجار لەپاڵ وشەکانی نیوەدێڕی یەکەم (ڕێی) و لە نیوە دێڕی دووەم (شوێنی) گێڕدراوەتەوە.

**٤- گێڕانەوەی ئامراز پەیوەندی (بە):**

**سوچێك گەرم دەکەن بە ڕازی جوانی،**

**ئاخ بە با ئەدەن بۆ دونیای فانی!...(ل:١٣٣)**

(بە) ئامرازی پەیوەندییە، دووجار لەپاڵ وشەکانی نیوە دێری یەکەم (ڕازی) و لەنیوە دێری دووەم (با ئەدەن) دا گێڕدراوەتەوە.

**٥- گێڕانەوەی ئامرازی پرسی(چ) لەگەڵ وشەی (سەر):**

**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان:**

**چ بۆ سەر بڕین، چ بۆ سەردانان (ل:١٣٠)**

(چ) کە ئامرازی پرسە لە نیوە دێری دووەم دووجار لەپاڵ ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دا هاتووە، وشەی(سەر) یش سێجار لەپاڵ وشەکانی (خەنجەر)، (بڕین)، (دانان) گێڕدراوەتەوە.

**٤- هێنانەوە: (Recall)**

هێنانەوە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری، کە مۆسیقای ناوەوەی شیعر پێکدێنێت، لە زمانی عەرەبیدا (التصدیر) یان (رد الصدر عن العجز) ی پێدەڵێن، ئەم هونەرە لە هەردوو بەشەکانی شیعر و پەخشاندا بوونی هەیە و چێژێکی تایبەت بە دەقەکان دەبەخشن،

هێنانەوە بریتییە لە هێنانی وشەیەك لەسەرەتادا، یان لە ناوەڕاستدا، یان لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم، یان سەرەتا و ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم و هەمان ئەو وشەیە، یان وشەیەکی هاوڕەگەزی خۆی لە کۆتایی دێڕەکەش هێنرابێتەوە.

لە پێناسەی هێنانەوەدا د.عەزیز گوتوویەتی"بریتییە لەوەی کە نووسەر وشەیەك لە سەرەتا یا لە ناوەڕاستی هەلوێست یا دێڕە هۆنراوەیەك بێنی پاشان هەمان وشە لە کۆتایی هەلوێستەکە یا دێڕەکە هۆنراوەکەدا بێنێتەوە" (گەردی:١٩٧٥: ٤٣-٤٤) . هەر سەبارەت بەم هونەرە جوانکارییە، خەتیب قەزوینی یش گوتوویەتی"بریتییە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، یەکێکیان لە کۆتایی دێڕەکە بێت، ئەوی دیکەش کەوتبێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم).(القزوینی:بەبێ ساڵی چاپ: ٩٦-٩٧).

**جۆرەکانی هێنانەوە:**

هێنانەوە چەند جۆرێکی هەیە بەبەرچاوگرتنی جۆری وشە هێنراوەکان، لە بنجدا دوو جۆر هێنانەوە هەیە، یەکەمینیان بریتییە لە هاوشێوەیی، دووەمینیان هاوڕەگەزی. سەرنجدەین لەم شیعرەی گۆراندا کام جۆر بەکارهاتبی دەستنیشانیان دەکەین.

هێنانەوەی هاوشێوەیی هاوواتا: واتا ئەو وشەیەی لە هەردوو نیوە دێڕە شیعرەکە دەهێنرێتەوە، دەبێت لە هەردوو ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکیش وەك یەکبن:

**وشەی یەکەم لەناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم:**

**بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا**

**لە کۆڕی شەودا: مەلایە و مەلا (ل:١٣٠)**

(مەلا) لە ناوەڕایستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هەردووکیان هاوشێوە و هاوواتان.

**وشەی یەکەم لە کۆتایی نیوە دێری یەکەم:**

**لەڕێی ئەو بەری شاخ دەنگی زەنگ دێ**

**لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!** (ل:١٣١)

لەم دێڕەدا شاعیر دووجار وشەی(دێ) ی هێناوەتەوە، یەکێکیان لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم، ئەوی تر لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم، کە هەردوو (دێ) یش، هەردووکیان یەك ڕەگی فەرهەنگیان هەیە، کە چاوگی (دیتن)ە.

## بەشی سێیەم

**جەمالیەتی مۆسیقای ناوەوە:**

جوانکاری بەرجەستەبوونێکی هەستی جوانییەکانی ڕوونبێژی و واتاناسییە، هەربۆیەش هێندەی هەردوو بەشەکانی دیکە درێژە و گرینگی پێدراوە، هەموو پارچەیەکی ئەدەبی، جا چ شیعر بێت، یان پەخشان بە هونەرەکانی جوانکاری بەدەردەکەون و چێژ و جوانی بە دەق دەبەخشن.

بۆیە شاعیران بە ژیرییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هونەرانە دەکەن و دەربڕینەکانی خۆیان پێ دڵگیرتر و جوانتر و کاریگەرتر دەکەن. شیعر بەرجەستەبوونی وشە و واتایە، بۆیە جوانکاری و جەمالییەتیش دوو باسی سەرەکی وشە و واتا لەخۆ دەگرێت. شاعیرانیش سوودیان لەو هونەرانە وەرگرتووە و لە شیعرەکانیاندا بە ڕێژەی جیاواز مەزراندوویانە.

جوانکاری لەڕووی وشەییەوە لە وشەی(بدیع)ی عەرەبییەوە هاتووە واتە بریتییە لە"نوێی داهێنراو، نە لەسەر نموونەیەکی پێشوو و نە بە شوێن پێ هەڵگرتنی شتێکی پێشوو"(ابو العدوس:١٩٩٩م : ١٢٩) ، واتە بریتییە لە شتی داهێنراو.

لەڕووی زاراوەییەوە جوانکاری"زانستێکە بە هۆیەوە بەو سیفەتانە دەناسرێنەوە، کەوادەکەن گوتە باش و پەسندکراو بێت، ئەمەش دوای ڕەچاوکردنی وەکیەکی لە سروشتی حاڵ و ڕوونی گوزارشتکردنەکەی، بەدوور لە ئاڵۆزکردنی واتایی"(ابو العدوس:١٩٩٩م :١٣٠). بەڵام لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا جوانکاری لەڕووی وشەییەوە بەواتای ڕازاندنەوە، بوك جوانکەر، یان دەست ڕەنگین، بە هونەر داهاتووە (موکریانی:١٣٦٩ی هەتاوی: ١٨٥ ) .

(گۆران)ی شاعیر لەم پارچە هۆنراوەیەدا، کە لە گەشتەکەیدا بەرجەستەی کردووە، مامەڵەیەکی چۆنی و جۆری دروستی لەگەڵ دیمەنە سروشتییەکان کردوە و هاوکێشەیەکی هاوتەریبی لەنێوان دیمەن و دیاردە مادییەکان و سۆز و ئەندێشەی ناخی خۆی لەبەرچاو گرتووە،کە لە ئاکامدا شاعیر ڕۆڵی تابلۆ کێش دەبینێ و بە وشە و دەستەواژەوە جوانترین دیمەنەکانی سروشت دەهۆنێتەوە، بەشێوەیەك، کە ئەوەی هەیە و دەبینرێ جوانتری کردووە و چێژی زیاتری پێ بەخشیووە.

ئەلیوت گوتوویەتی"پوختەکردنی شاعیر بۆ شیعر، دیاردەیەکی نزیکبوونەوەی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە هاوکێشە بابەتییە هەستییەکاندا بەدیار دەخات، ئەو هاوکێشەیەش ڕۆحێکی پڕ لە سۆز وەبەر وێنە مادییەکان دەکات، یان شیعر ڕاستکردنەوەی حاڵەتێکی هەست و هەستی دیاریکراوە"(الیوت:بلا تاریخ الطبع: ٨٣).

ئەگەر بەوردی بابەتی ئێستێتیکا و جوانی دەق وەربگرین، دەبێت ئەو ڕاستییە لە پێش چاو بگیرێت، کە جوانناسی مەرج نییە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێو دەقدا دەربکەوێت، هەر بۆیە جوانکاری دەقی ئەدەبی گرینگی

دەدات بە"دۆزینەوەی ماهییەیتی جوانی و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی و فۆنیمەکانی لە بابەتەکاندا و جیاوازییەکانی جوانی لە سروشت و دیاردەکانی تری ژیان بەلای مرۆڤەوە، هەروەها ئاشکراکردنی ڕۆڵی سەرەکی خۆی وەك بابەتێکی زیندوو لەناو کۆمەڵگەدا"(حسێن:٢٠٠٨: ٢٠-٢١).

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕوونی لە دەربڕین بەهایەکی جوانییە و ڕەوانەق و شێوازێکی دڵگیر دێنێتە ئاراوە، بەشێوەیەك، کە خۆ دوور دەخاتەوە لە دەربڕینی زیاد و ئاخنراو و ئاڵۆزکاری و دوورخستنەوە لە سەرلێتێکدانی بێمانا و لە هەمانکاتدا پێشکێشکردنی واتای جوان و ڕێك بەو ئاسانییە سادەیە کە خوێنەر سەرسام دەکات.

بەهای ئێستێتیکا و جوانی بە جیاوازی شێوازی شاعیرانەوە بەستراوەتەوە، گۆران لەم گەشتنامەیەدا جگە لە گرینگیدان بە گەڵێ هونەر گرینگی زۆری بە هونەرەکانی مۆسیقای ناوەوەی شیعر داوە، بەکارهێنانی ئەم هونەرانەش بووەنەتە هۆی ئەوەی کە ئاواز و ترپە و مۆسیقایەکی خۆش بە گوێی خوێنەردا بچرپێنێ و ببێتە مایەی ئارامی و چەشە بەخشین. هەڵبەت جوانییەکانی مۆسیقای ناوەوە سەرەڕای ئاواز و مۆسیقیای جوان دەبێتە هۆی دەربڕینی چەندین حاڵەتی وەك: ڕێکی دەربڕین واتە دەربڕینەکان بەشێوەیەك دەبێت کە نەسەقێکی جوان و دروست بەشیعرەکە دەبەخشن، ئەوەش دەبێتە مایەی دڵگیری و چێژ بەخشی.

ئێستێتیکای مۆسیقای ناوەوە هەژان و ناخی شاعیر پیشان دەدات بە شێوەیەك بیر و پەیامەکە دەگەیەنێت کە کاریگەری بەرچاو لەلای وەرگر دروست دەکات. هەڵبەت ئەم شێوەیەش لە هونەری جوانکاری بە کاریگەری گوتن هەژمار دەکرێت و مۆسیقا و ترپەی ناوەوەی شیعر ئاوازدار و جوانتر دەکات.

مۆسیقای ناوەوە چەندین هونەری جوانبەخشی و ترپە و ئاواز بە شیعر دەبەخشێ یەك لەو هونەرانە(نەخش وجوانی) یە، کە لە عەرەبیدا (تەدبیج)ی پێدەگووترێت، لەم هونەرەشدا دوو مەعنا کۆدەکرێتەوە و بە دوو وشە گوزارشتی لێکدەدرێتەوە، لەکاتێکدا مەعنا ڕاستەقینەکەی وشەکان بەرامبەری یەکتر دێن، هەڵبەت لەم هونەرەدا کاریگەری یەکجار ڕێك و جوانی بە دەق دەبەخشێ و دەبێتە مایەی داهێنانی بەرزی بەرهەمەکە و بەپێزی (سەجادی:١٩٧٨: ٨٤-٨٥).

هونەرێکی دیکەی جوانکاری مۆسیقای ناوەوە هونەری (پێکەوە گونجاندن)ە، کە لە عەرەبیدا(الانسجام) و(السهولە) ی پێدەڵێن، ئەم هونەرەش بریتییە لەوەی کە (ئاخێوەرەکە بەبێ مەبەست ئاخاوتنەکەی ببێتە شیعر، ئەمەش گوزارشت لە ئامادەیی و خێرایی توانا و غەریزە دەکات) (عکاوی:١٩٩٦: ١٨٧). لەم هونەرەدا ئاخاوتن ڕەوان و ئاسان دەبێت و زۆر لەخۆکردنی تێدا نابێت، وشە و دەربڕینەکانی خۆش و ڕێك بەدوای یەکتردا دێنەدەر. لە هونەری جوانکاری پێکەوە گونجان دا وشەکان بە دروستی و بە ئاسانی بەکاردەهێنرێن، داهێنانیش لای شاعیر ئاسایی دەبێت و هیچ زۆر لەخۆکردنێك بۆ دروستکردنی دەربڕین و واتا لەلای شاعیر پێویست ناکا (مستەفا:٢٠١١: ٢٨٠-٢٨١) .

بۆمان دەردەکەوێت جوانییەکانی مۆسیقای ناوەوە دەبێتە هۆی سازدانی حاڵەتی کاریگەری و دروستکردنی وروژاندن، ئەم حاڵەتەش سەرنج و ئاگایی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و وای لێدەکات، کە ئەوەندە پەیوەست بێت بە دەقەکە، هەرگیز لێی دوور نەکەوێتەوە و بەردەوام لەگەڵ هەست و سۆز و ناخیدا بژین، سەرەڕای ئەوەش ئەم هونەرانە دەربڕینەکان بەهێزتر دەکات، بەشێوەیەك وشە و دەستەواژەکان ئەوەندە

کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات دەقەکە دەبێتە پارچە وێنەیەکی سەرەنجڕاکێش و لێوانلێو لە واتایی جوان و چێژ بەرجەستە دەکات.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە(مۆسیقای ناوەوە لە گەشت بۆ هەورامانی گۆران) دا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، لەمانەی خوارەوەیان کورت دەکەینەوە:

١- مۆسیقای ناوەوە ڕەنگدانەوەی هەژان و ڕاچلەکینی ناخی شاعیرە و تەژییە لەمۆسیقا و ترپە و ئاوازە.

٢- ئەو هونەرەکانی مۆسیقای ناوەوە دروست دەکەن، بەشێکی گرینگی جوانکارینەو شیعر و ئەدەبیات بە هونەرەکانی جوانکاری جوان دەبن، هەر بۆیەش گۆرانی شاعیر مامەڵەیەکی وردی لەگەڵ ئەم هونەرانە کردووە و دەربڕینەکانی خۆی پێ جوانتر و کاریگەرتر کردووە.

٣- گۆران حەزی بە ئاواز و مۆسیقای خۆش و وێنەی شیعری ڕەنگینە، بۆیە دەربڕینەکانی زۆر ڕێکن و گرینگی بە هونەرە جۆراوجۆرەکانی ڕەگەزدۆزی داوە.

٤- حاڵەتی کاریگەری و وروژاندن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شاعیر، ئەم حاڵەتەش سەرنج و ئاگایی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و پەیوەستی دەکات بە دەقەوە کە هەرگیز لێی دانەبڕێت، (گۆران) یش بایەخی بەم حاڵەتانە داوە.

٥- شاعیر لەم چامەییدا ڕوون و کاریگەر بیر و سەرنجەکانی خۆی داڕشتووە، بە شێوەیەك کە دەقەکە دەکاتە پارچەیەك وێنەی سینەمایی جوان.

٦- هونەرەکانی(نەخش و جوانی)،(پێکەوە گونجاندن)،(پێچەو بەخشە)،(جێ گۆڕکێ)....تاد، هەموو ئەوانەی بۆ بەهێزکردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی بەکارهێناوە، بەڵام وەکوو دەرکەوت زیاتر بایەخی بە (ڕەگەزدۆزی) داوە.

## لیستی سەرچاوەکان


١- ابراهيم أنيس(د.)، ١٩٧٨، موسقى الشعر، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٢- ابي بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن حجة الحموي،( ٢٠٠٥م)، خزانة الادب و غاية الادب، دراسة: د.كوكب دياب، الطبعة الثانية، المجلد الثاني، دار صادر، بيروت،لبنان.

٣- انعام عكاوى فوال (د.)، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة، احمد شمس الدين، الطبعة الثانية(طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ١٤١٧ هجري،١٩٩٦م .

٤- احمد مطلوب و كامل حسن البصير،(١٩٨٢) البلاغة والتطبيق، مديرية دار الكتب للطابعة والنشر، بغداد.

٥- أحمد مطلوب(د.)، ١٩٨٩،معجم النقد العربي القديم، طبعة الاولى، دارالشؤون الثقافة العامة، بغداد.

٦- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(د)، ٢٠١١، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،هەولێر،

٧- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(د)، ٢٠١٢، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای موکریان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٨- ئازاد ئەحمەد مەحموود(د)،٢٠٠٩، بوونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٨٥-٢٠٠٥)، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.

٩- بەختیار ئەحمەد مەحموود،(٢٠١٤)، نوێکردنەوە لە شیعری مەدحەت بێخەودا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

١٠- جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨، ئێستێتیکای دەقی شیعری کوردی(کوردستانی عێراق:١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١- حسين عبدالهادي حامد(د.)،( ٢٠٠٧م)، البلاغة و المعنى في النص القرأني، مطبعة هيئة ادارة و استثمار اموال الوقف السني، بغداد.

١٢- رجاء عيد(د.)،(١٩٧٥)، الشعر و النغم، القاهرة.

١٣- عەلائەدین سەجادی،(١٩٧٨) خۆشخوانی، چاپخانەی مەعاریف- بەغدا.

١٤- عبدالعزيز عتيق(د.)،(١٩٧٤) علم العروض و القافية، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.

١٥- عزالدين اسماعيل(د.)، (١٩٨٨)، الشعر العربي المعاصر(قضاياه وظواهره الفنية و المعنوية، طبعة(٥)، دار العودة، بيروت.

١٦- عەزیز گەردی(د)، (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، جوانکاری، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

١٧- عەزیز گەردی(د)،(١٩٩٩)، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردن لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٨- عەزیز گەردی(د)،٢٠٠٢، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگەکانی مەڵبەندی

ماموٚستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگەکانی ماموٚستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٩- عوسمان حەمەد دەشتی(د)، ٢٠١٢،لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، تێکست و لێکۆڵینەوە، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٠- عەبدولڕەزاق بیمار،(١٩٩٢) کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا.

٢١- خطیب القزوینی، الایضاح في علوم البلاغة، چاپی ئیرانی، بدون سنة الطبع.

٢٢- ت.س. الیوت، مقالات في الفقد الادبي، ترجمة: د.لطیفة الزیات، مکتبة الانجلو المصریة، بلا تاریخ الطبع.

٢٣- دیوانی گۆران، ١٩٨٠، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یەکەم، بەغدا.

٢٤- محمد مندور،( ١٩٤٤)، في المیزان جدید،القاهرة.

٢٥- موکریانی، هەژار، هەمبانە بۆرینە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سروش، تهران، ١٣٦٩ی هەتاوی.

٢٦- یوسف ابو العدوس، البلاغة و الأسلوبیة، الطبعة العربیة الاولی، الاهلیة للنشر و التوزیع، الاردن، عمان،( ١٩٩٩م).

## ملخص البحث

في نهاية البحث الموسوم الموسیقا الداخلیه ل(گەشت بۆ هەورامانی گۆراندا) وصلت الی مجموعة من النتائج الملخصة کالاتي:-

١- الموسیقا الداخلیة نابعة في انعکاس ورجفة لآعماق الشاعر، وملیئة للموسیقا و الرتم و الرنین.

٢- الفنون الموسیقیة الداخلیه جزء مهم لجمالیة والاظهار البیان وَالمعانی، القصائد و الادبیات تکون أکثر جمالیة بفنون البدیع، ولهذا السبب عامل الشاعر(گۆران) معامله دقیقه مع هذا الفن الشعري.

٣- الشاعر(گۆران) یحب الصدی و الموسیقی الجمیلة و صور الشعریه لطیفة، ولهذا کان جمیع تعابیره في منتهی لفظ الموزون وکان اهتمامه لجمیع الفنون البلاغیه و في ضمنیها أهتم باشکل الرئیسي بالفن الجناس.

٤- تأثیرات المشاعیر احدی الصفات الخاصة بالشاعر، وهذه الحاله یجذب انتباه القوی ومنسق للقاری نحوه، کان من سمات شاعیر(گۆران) یهتم في هذه الحالات.

٥- الشاعر في سیاغه هذه الرساله صمم أفکاره و أهدافه بأسلوب بلیغ و متأثر، کان نصه یشبه بمقطع الفلم السینمائی الجمیل.

٦- الفنون(التدبیج)،(الانسجام)،(لف و نشر)، (الاستبدال) ...الخ ، کل ماذکر اعلاه استخدم الشاعر لتقویه موسیقی الداخلیه لمتن شعره. ولکن بعد ذلك ظهر أهتمامه أکثربفن الجناسی.

## Abstract

This research paper “Internal Music in ‘Goran’s A Picnic to Hawraman’” has come up with the following conclusions:

١. Internal music reflects the poet’s ecstasy and affects feelings as well as emotions full of musical interplay، melody and harmony.

٢. The artistic side of internal music composes a great part of the beauty to crystallize a soft feeling through the figurative language and the hidden meaning manipulated by the poet، enhancing the poem and literature at large with more delicate feelings. Thus، Goran has deliberately and carefully employed such artistic techniques to better express himself and endow its poetry with more vigor and melody.

٣. Goran is very much interested in melodies and fascinating music as well as touching poetic images of all sorts. This has rendered its poetic and musical expressions exceptional in their rich and varied figurative (poetic) images.

٤. One of the major attributes of Goran is his poetic and musical impact on the reader especially in provoking great joyous feelings as such. This catches the reader’s attention to contemplate on، and stick to، the poetic text. Goran has shown his craftsmanship in this domain.

٥. In this poem، the poet has translated his thoughts into a poetic masterpiece in such a way that he makes the text (poem) sound like pure cinematic view.

٦. The figures of(Aesthetics and Poetic Images)،(Harmony and juxtaposition)،(Foregrounding and Back grounding)…etc. he poet has used all these rhetorical and figurative devices to empower the inner musical tension of his poetry، but all in all، he depended on Figurative Language(The Figures of Speech) to a great extent.